# سوێند بە ئازاری عەشق خۆشم دەوێی

**عومەر جەلال**
**سوریا-**
Omerjelal@yahoo.com

پێویستیم بە باخچە نییە بۆنی تۆ بنەخشێنێ
چاوەڕێ ی ئاو ناکەم سادەیی تۆ نمایش بکات
ئارەزووی بینینی باران ناکەم سەمای تۆ فەشنگتر بکات

***　***　***

تۆ هەموو جوانییەکانی سرووشتت پاوەن کردووە
ئاوازی هەموو گۆرانییە نەوتراوەکانت ئەزبەرکردووە
رۆحت بەخشیەوە بە بەردی بێنازی سەر رێگا تەنیاکان

***　***　***

جیهانێکی پەنهان لەچاوەکانتدا دەبینم
ئێوارەیەکی ئاسوودە لە هەناسەت بۆن دەکەم
دەرگایەکی پۆلایی لەدڵتا دەبینم

***　***　***

سوێند بە تووڕەییەکانت
کە بەئەندازەی مەرگ خۆشم وویست
سوێند بەئاوڕدانەوەکانت
هێندەی خۆکوشتنێك ئارەزووم کرد
سوێند بە بێدەنگیت
پۆرترێتێکی لە نیشتمانێکی پارچە کراو نمایشکرد

***　***　***

سوێند بەو شیعرانەی بەدەنگی بەرز دەمخوێندنەوە و گوێت لێنەگرت
سوێند بەو هەنگاوانەی هەڵهاتی و خۆت لێم وون کرد
سوێند بەو رۆژەی بەبەرچاوی خوداوە منت کوشت
بەبەرچاوی عاشقە بەختەوەرەکانەوە منت لەت لەت کرد

***　***　***

**سوێند بە سوپاسەکەت**

**بۆ ئەو هەموو خۆشەویستیە**

**بەقەڵەمەکەت ,پاش تاقیکردنەوەی زانکۆ پێت بەخشیم**

**بە وێنەکەت کە پێت بەخشیم بۆ یادگاری و  تەنیا خۆت دەرنەچووبویت**

**سوێند بە دیکتاتۆریەتیت**

**بەو شەوەی لەگەڵ باراندا هاتم و دەرگای عەشقت نەکردوە**

**سوێند بەو هەموو ئازارەی عەشقت خۆشم دەوێ ی**